# کوا نیشتیمانەکەی جاران

موئەیەد مەحمود(کاردۆ)

نیشتیمان پۆستەچییەکی سەخییە
دەرگا بە دەرگا
خەم دابەش ئەکا
نیشتیمان پەپولەیەکی ئێسک سووکە
بە کوشتنی خۆی لە ئێمەدا
بەهار دەنێرێت بۆ مەنفا
نیشتیمان خانوویەکی لمینی قەراخ دەریایە
من گەڕامەوە بۆ نیشتیمان و نەم بینی
من گەڕامەوە بۆ باوەشی نیشتیمان
کەچی لەگەڵما نەخەوت
من بە دارستانەکانی نیشتیماندا تێپەڕیم
جگە لە سۆراخی گەڵاکان بۆ مەنفا
هیچی ترم نەبیست
من گەڕامەوە بۆ نیشتیمان
گەڵا زەردەکانم بینی
بە باوەشی گەڵا سەوزەکانەوە دەگریان
من دەستم نا بە دڵی نیشتیمانەوەو هیچم نەبیست
من خۆم بە نیشتیمان ناساند و هیچی نەووت
ئەو خۆی بە من ناساند و من نەم ناسییەوە
من خۆم نەکرد بە خاکی بەر پێی نیشتیمان
کەچی ئەو خستمی بە ژێر پێیدا(1)
من لە پاش گەڕانەوەم
وامزانی لە دەرگای نیشتیمانێکی ترم داوە
من نەمزانی نیشتیمان لە سنوور
بە دارشەقێکەوە چاوەڕوانیم دەکا
من نەمزانی نیشتیمان بە لالەیەکەوە بۆم وەستاوە

من بۆیە نیشتیمانم خۆش دەوێ
چونکە مناڵی لێ زەوت کردووم
من بۆیە حەزم بە نیشتیمان نییە چونکە گەورەییم نابینێ

(1):- بەیتە شیعرێکی مەحوییە و دەستکاریم کردووە

2007-7-5

ڤانکۆڤەر-کەنەدا